حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٤٢) لە ٢٠٢٢/٤/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی وەزاری لە هەر سێ فراکسیۆنی سەرەکی لەناو حکومەت لەم بەڕێزانەی خوارەوە بە هەماهەنگی بەڕێز سکرتێری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی لیستی ناوی ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی (٩) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق دەیانگرێتەوە:

١. وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
٢. وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٣. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

**دووەم:** گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران